www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:27 27-2-2007

## سەربازێک پێش رۆشتنی بۆ بەغدا.. تا دەگەمە بەغدا لە خەیاڵی ئەو کفتەیەم کە دایکم جاران بۆی دەکردم. . . راپۆرتی. . . رزگار کۆچەر



ئەو بەدەر لە سەربازەکانی تر دوور قەرەباڵخیەکە وەستابوو، سەرو سیمای خەماوی وای نیشان دەدا کەوتۆتە ناو ئەندێشەی خەیاڵێکی قوڵ و درێژ، گەنجێکی بەژن وباڵا رێك ئەو بە شێوەیەکی زۆر توندوو تۆڵ خۆی ئامادە کردبوو قیافەی رێك وپێکی وای نیشان دەدا ئەو دەمێکە لەم جۆرە دەرچون و پلانە سەربازیانە بەشدارە، لای ئەو چوون بۆ بەغدا کارێکی ئاساییە بەڵام بەشدار بوون لە پلانێك کە دوژمن تێیدا دیار نیە تا بڵیی بریارێکی قورسە، عەدنان پێش ئەوەی قسەمان بۆ بکات وخۆی پێمان بناسێنێت گوتی وا تێمەگەن من دەترسم وا نیە باورکەن ئەوەی ترس بێت لە جەستەودەورونم دا نیە، چونگە ئیمرۆ نیە من چەکم لە شانە. . . کاکە ئەوە بوە پازدە ساڵ من پێشمەرگەمە. . دوایش من دەمێکە لەگەل هاقاڵانم لە فەوجی سەید هەژار واجباتمان لە موسڵ وتەلعەفەر گرتووە لەم ناوچانەش ئێمە چەندین شەری تیرۆرستانمان کردوو. . .

دوای ئەم پێشەکیە خۆی پێناساندین وگوتی من ناوم عەدنان محەمەد کاکەیە وخەڵکی هەولێرم و لەگەل کۆمەلێك برادەرم ئێستا دەرۆێن بەرەو بەغدا، عەدنان دەلێت ماوەیەك پێش ئێستا هێزەکەمان لە موسل گەراوە و ئینجا لێرەش واجباتێکی زۆرمان بۆ دانراو بە بەردەوام مەشقمان دەکرد تا شارازییی تەواوی ئەم جەنگە بین کە لە بەغدا لە ئارا دایە بۆ بەرپەرچ دانەوەی تیرۆستان، دوایش عەدنان دەڵێت دەبێت ئێمە وا نیشان بدەین کە گەلی کورد شان بەشانی سیاسەت دەتوانێت لە رووی هێزی سەربازیش رۆڵی بەرچاو بگێرێت، ئەگەر چی عەدنان دەلێت من هیچ دڵم خۆش نیە کە دەچین بۆ بەغدا بەڵام ناکرێت مرۆڤ کە چەکی لەشان کرد و بریاری دا داکۆکی لە گەل وخاکەکەی بکات لەم جۆرە کاتانە کە پێویستیان پێمانە چەك دابنێن، ئینجا عەدنان دەلێت وەك پێم وتن تەنها دوێنی مۆلەتم وەرگرت تا بگەرێمەوە ناو خانەوادەکەم بۆ ئەوەی دوا خوا حافیسیان لێبکەم، عەدنان پاشان دەڵێت باورکەن جارانیش کە لە واجبات دەگەرامەوە دایکم کفتەی تایبەتی بۆ دروست دەکردم وئێستاش تام و بۆنی کفتەکانی دایکم لە خەیاڵمە، عەدنان بەردەوام دەبێت لە قسەکانی ودەلێت دوێنی رۆژێکی تەواو لە ناو خانەوادەکەم بووم هەستم بەوە دەکرد دەبێت من دڵی خێزان ودایك ومنداڵەکانم بدەمەوە تا دڵیان لام نەبێت چونکە خۆتان دەزانن هەموو دایك وباوك وخێزانێك بیری لە کەسی خۆی دەکاتەوە، عەدنان لەگەل قسەکردن بۆمان دەلێت ئەم بەیانیە کە هاتم بۆ ئەوەی برۆێن بۆ بەغدا دڵم نەهات دالیایی کچە بچوکم لە خەو هەڵسێنم کە بەدرێژای شەو لە باوشم خەوتبوو ئەگەر چی من ئەوم ماچ کردوو و دڵم نەهات لە خەو هەڵسێنم بەڵام کە دوا جار خوا حافیسیم لە خێزانەکەم کرد هەستم کرد دایکی دالیا وەك من دەتوانێت نازی دالیا رابگرێت تا من لە بەغدا دێمەوە، دوایش عەدنان پیی وایە کە ئەو جاران پێشمەرگە بووە ودوایش پاش کۆمەلێك خولی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:27 27-2-2007
سەربازی هاتۆتە ناو ئەم سوپایەوە بریاری بەژدار بونی ئەوانیش بەدەست سەرکردە کوردەکانە کە ئێستا رۆڵیان هەیە لە عێراقی دوای سەدام، هەرکە ئەفسەرەکەی بریاری خۆئامادەکردنی ئەوانی دا عەدنان خودە سەربازیەکەی لەسەر کردوو بانگی هەڤاڵەکانی کرد ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن و سواری ماشێتە سەربازیەکە بن کە ژمارەیان لە سەروی سەد زریپۆشی جۆراو جۆری سەربازی دەدا، پاشان عەدنان بە پێکەنینەوە گوتی هەرکە هاتمەوە لە بەغدا داوەتێکی خواردنی کفتەت دەکەم بەلاَم ئێستا با دوا تەلەفۆن بە سیم کارتی کۆرەك تلیکۆم بکەم و خوا حافیسی لە خێزانەکەم بکەم دوایش بە سیم کارتی ئاسایا سێل هەموو رۆژ قسە لەگەل دالیای کچە بچوکم دەکەم
ئەوەی شایەنی باسە رۆژی یەك شەمە نزیکەی 1800 سەربازی کورد کە سەربە لیوای یەکی پیادەی هەولێرن لە دوو مەراسیمی کات جیادا بەرەو بەغدا بەریکەوتن،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.